# ئەریك فرۆم, ماركیستێكی نوێ

دۆگلاس كێڵەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:شاسوار كەمال مەحمود*



ئەریك فرۆم

و: شاسوار کەمال

پاش ئەوەی لەژێر گوشاری نازیەکاندا ئەڵمانیای جێهێشت (ئەریك فرۆم ) لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گیرسایەوە و نیشتەجێبوو . دوایی ئەوە لەهەریەك لە قوتابخانە بە ناوبانگەکانی ئەو وڵاتەو کۆلۆمبیا دەستی بەوانە وتنەوە کرد .

لەدەیەی سیەکانی سەدەی ڕابردودا فرۆم کتێبی (ڕاکردن لە ئازادی) و چەند کتێبێکی تری بلاوکردەوە , کەبووە هۆی ناوبانگێکی باش بۆی و کۆبونەوەی خوێنەرێکی زۆر لێی . لە کتێبی (راکردن لە ئازادی) دا فرۆم باس لە نامۆبوونی خود لە خاك و کۆمەڵگا دەکات ,لە ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵگا لە قۆناغی دەرەبەگایەتیەوە بەرەو سەرمایەداری .کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی ترس و نادڵنیایی .پاشان فرۆم باس لەوە دەکات چۆن تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ بەدەست هێنانی دڵنیایی و ڕازی بوون ڕوودەکەنە هەرجۆرە سیستمێکی کۆمەڵایەتی تەنانەت ئەگەر(فاشیزم)یش بێت.

دوای جەنگی جیهانی دووەم لەساڵی(١٩٤٧)دا فرۆم لەهەردوو کتێبی(مرۆڤ بۆ خودی خۆی man im selfıfor ) و(کۆمەڵگای شێت . the sane society)دا بۆچوونە (مارکسیستی وفرۆید)یەکانی خۆی بەرامبەر جیهانی سەرمایەداری وبۆرجوازیەت ئاشکراکرد.لەم نووسینانەدا فرۆم بەتوندی ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەی(سەرمایەداری ومیدیا وکۆمەڵگای مشەخۆر)دەکات.بەمەش فرۆم وەك(مارکسیستی نوێ)ناوی دەرکرد.

فرۆم لەبۆچوونەکانیدا پشتگیری خۆی بۆبیری(سۆسیال دیموکرات)ڕاگەیاند،چونکە فرۆم گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کەبیری(سۆسیالست)ی بەتەنها ناتوانێت گۆڕانکاری بنەڕەتی لەکۆمەڵگەدا دروست بکات.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە ڕەخنەکانی فرۆم دەربارەی کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوتەریب بوون لەگەڵ ڕەخنەکانی(هربرت مارکۆز) لەو بارەیەوە. بەم شێوەیە هەردوو بیریار لە ماوەی ساڵانی(١٩٥٠ـ١٩٧٠)بەیەك ئاڕاستە کاریان دەکرد.پاشان جیاوازی کەوتە نێوانیان،دوای ئەوەی(مارکۆز)هێرشی کردەسەر فرۆم بەوەی: لەهەناوی ئەو کەسە بەرهەم هێنەرەی(prodctive man)ی فرۆم داوای دەکات سەرمایەداری گەشەئەکات،وەئەو بەهایانەش لەسەر خۆشەویستی کەلە کتێبی(هونەری خۆشەویستی . the art of loving)دا دەری بڕیون دەبنە هۆی لەدایك بوونی بیری(ئایدیالیستی).

تامردنیشی(ئەریك فرۆم)وەك نووسەرێکی پڕبەرهەم مایەوە،کتێبەکانیشی بوونە پاڵپشت وگەشەپێدانی بیری(مارکسیزم وفرۆیدیزم).لەڕوی سیاسیشەوە،فرۆم،کەسێک ی چالاك بوو: بەشداری لەدامەزراندنی گروپی(قەدەغەکردنی بۆمب)دا کردو چالاکانە لەگەڵ(بزوتنەوەی دژی جەنگی ساڵی ١٩٦٠)ی دژی ڤێتنام بوو.


فرۆید

فرۆم بەردەوام بوو لەسەر پەرەپێدانی بۆچوونە مرۆیی وسۆسیال دیموکراتەکان،هەمیشە پێی وابوو ئەم بۆچوونانە

ناوەڕۆكی(ماركسیزم)ن.بەمەش كتێبو وتارەكانی كاریگەریەكی زۆریان لە سەر چەپی نوێ جێ هێشت . زۆربەی كارەكانیشی تا ئێستا بەفراوانی دەخوێندرێنەوەو گفتوگۆیان لەسەر دەكرێت .

ئەریك فرۆم لەوتاری ( شێوازو كاری سایكۆلۆژیای شیكاری كۆمەلأیەتی ) بەوردی بنەماكانی (سایكۆلۆژیایی شیكاری ) (psychoalysis) باس دەكات وئەوەش ڕووندەكاتەوە كەچۆن (تیۆرەكەی فرۆید) تیۆرێكی ماتەریالی مێژوییە . بە بۆچوونی فرۆم سایكۆلۆژیای شیكاری‌یە (سایكۆلۆژیایەكی‌مادی) یە, ئەویش بەوەی كە هەڵدەستێ بە لێكۆڵینەوە لە (دەرهاویشتە و پێداویستی‌یە غەریزییەكان) و(هێزە شاراوەكانی مرۆڤ) لە كۆنترۆڵكردنی هەڵسوكەوتی مرۆڤ . هەروەها بە بۆچوونی فرۆم سایكۆلۆژیایی شیكاری هەڵدەستێت بە دیراسەكردنی (ماوەیەك) لەژیانی تاك كە لە هەر دامەزراوێكدا ئەزموونی كردبێت

بۆیە فرۆم پێی وایە كە تیۆرەكەی فرۆید(مێژوییە) چونكە هەوڵدەدات بە تێگەیشتن لە هەر دەرهاویشتەیەك. بە بۆچوونی فرۆم تێگەیشتنی سەرەكی لە سایكۆلۆژیایی شیكاری بریتی یە لە " گونجان یان نە گونجانی غەریزەكان لەگەڵ ژیانی راستەقینەدا" . هەروەها بە بۆچوونی ئەو سایكۆلۆژیایی شیكاری بە سودە بۆ (سایكۆلۆژیایی كۆمەلأیەتی).

چونكە سایكۆلۆژیای كۆمەلأیەتیش هەوڵدەدات لە ڕەگ ونهێنی هەر كارێكی ناعەقلانی بگات كە لەهەردامەزراوێكی: كۆمەلأیەتی دینی,سیاسی, پەروەردەییدا ڕوودەدات .

بە بۆچوونی فرۆم هەردووك (سایكۆلۆژیای شیكاری) و(سایكۆلۆژیای كۆمەلأیەتی) زیاترلەگەڵ(ماتەریالیزمی مێژوویی) دەگونجێن چونكە سەرچاوەی هەردوكیان(بیر-idea) نیە بەڵكو ژیان وپێداویستیەكانی ژیانە.

هەروەها فرۆم پێی وایە كە ئەم دوو بەشەی دەروونناسی لەوەدا لەگەڵ یەك كۆكن كە پێیان وایە هێزە شاراوەكانی مرۆڤ زیاتر كۆنترۆڵی‌مرۆڤ دەكەن وەك لەهێزە دیارەكان.

لەڕوانگەی(ماتریالیزمی مێژوویی)وە هێزە ئابووری وبەرژەوەندیەكان كاریگەریان بەسەر ژیانی تاك وكۆمەڵگاوە هەیە.

لەلایەكی ترەوە لەسۆنگەی(سایكۆلۆژیای شیكاری)شەوە، هێزە غەریزی سایكۆلۆژیەكان كۆنترۆڵی مرۆڤ دەكەن.لەم بارەیەوە فرۆم پێی وایە كە(سایكۆلۆژیای شیكاری كۆمەلأیەتی)دەتوانێت دیراسەی ئەو كاریگەریانە بكات كەپێكهاتەی ئابوری . كۆمەلأیەتی هەیەتی لەسەر دروست بوون وتێربونی غەریزەكانی تاك وگروپ.

سایكۆلۆژیای شیكاری پێی وایە(خێزان)یەكەمین دەزگای سەرەكی كاریگەرە لەسەر گەشەكردن ودروستبونی مرۆڤ.

سەبارەت بەمەش فرۆم پێی وایە كەئەمەش بۆچونێكی(ماتەریالیزمی مێژوویی)یە چونكە ((خێزان ئەو دەزگایەیە كەكۆمەڵگا هەوڵدەدات لەڕێگەیەوە ئەندامانی پەروەردەبن)).

لەئەنجامی شیكردنەوەی خێزان وپرۆسە كۆمەلأیەتی‌یەكان بۆمان دەردەكەوێت كەچۆن كۆمەڵگا هەوڵدەدات خۆی وێنابكاتەوەودروستبكاتەوە لەئەنجامی كاركردن لەسەر تاك لەڕێگەی خێزانەوە.

وتارەكەی فرۆم وتارێكی(پیراگماتیكی)یە كەناچێتە ناو وردەكاریەكانی ئەوەی كەپێمان بڵێت چۆن كۆمەڵگای سەرمایەداری – بۆرژوازی دەیەوێت خۆی بەرهەمبهێنێتەوە لەڕێگەی ئەندامەكانیەوە. ئەوەی مەبەستی فرۆمە لەم بارەیەوە ئەوەیە كە باس لەگونجانی (سایكۆلۆژیای شیكاری وماركسیزم) بكات

و: شاسوار کەمال




. ئەویش بەهۆی سایکۆلۆژیای شیکاری دەتوانێت لە چەند خاڵێکدا (مەتریالیزمی مێژوویی ) دەوڵەمەند بکات . ئەویش بەدابیینکردنی زانیاری لەسەر فاکتەرێکی سەرەکی لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی کە (سروشتی مرۆڤە).

بەبۆچوونی فرۆم غەریزە سروشتیەکان ناوەڕۆکی پێکهاتەی کومەڵگان ، ئەوەشمان بۆڕووندەکاتەوە کەتێگەیشتنی ئێمە لەسەر هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ وپرۆسە کۆمەڵایەتیەکان یارمەتیمان دەدات بۆ زانینی ئەوەی کەچۆن کۆمەڵگا غەریزەکانی بۆخۆی دابیندەکات وئەوەشمان پیٚدەڵێت کەچۆن مرۆڤ ژینگەی خۆی دەگۆڕێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی.

فرۆم پیٚی وایە(کەسێتی)تاك لەهەندێك باردا بەهۆی کارتێکەرە بۆماوەییەکان دا دروستدەبێت بەڵام ڕۆڵی سەرەکی بۆ لایەنی ئابوریە.

فرۆم پێماندەڵێت خێزان ئەو ناوەندەیە کەلەڕێگەی پێگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە کاردەکاتە سەرپێکهاتەی دەرونی تاك.

ڕۆڵی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئەوەیە کەڕوونی بکاتەوە چۆن بۆچوون ودەروونە کۆمەڵایەتیەکان(هێزە شاراوەکانیان بەتایبەتی)لەڕێگەی ئابوریەوە کاردەکەنە سەر غەریزەی(لیبیدۆ)ی مرۆڤ.

هەروەها فرۆم ئەوەشمان بۆڕووندەکاتەوە کەچۆن بەرژەوەندی وپێکهاتەی ئابووری کۆمەڵایەتی دەبێتە ئایدۆلۆژیاو پاشان چۆن ئەم ئایدۆلۆژیایە کاردەکاتە سەر بیروهەڵسوکەوتەکانیمرۆڤ.

کەواتە یەکبوون وگونجان تیۆرەکانی مارکس وفرۆید بەشێوەیەکی سەرەکی یارمەتی تیۆری(ماتەریالیزمی کۆمەڵایەتی)دەدات.

فرۆم پیٚی وایە لەئەنجامی شیکارکردنەوە تێدەگەین کەچۆن کۆمەڵگاوتاك کارلەیەك دەکەن و یەکتری دروست دەکەنەوە.

بەبۆچونی فرۆم هەموو کۆمەڵگایەك پێکهاتەی لیبیدی خۆی هەیە کەبەهۆیەوە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان کۆنترۆڵدەکات.

کەواتە لەسەر سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێویستە بەقوڵی پرۆسەیەکی ئەزمونی(emperical)بێت بۆتەفسیرکردنی ئەوەی چۆن(زاڵبوون وملکەچ بوون) ڕوودەدات لەهەندیٚ کۆمەڵگای دیاریکراودا ئەمیش لەپێناوی تێگەیشتن لەچۆنیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ودەرونی.

لەوتاری(کاراکتەرزانی سایکۆلۆژیای شیکاری وپەیوەندی بەسایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی)یەوە.

فرۆم بۆچونە شیکاریەکانی دەردەبڕێت لەپێناو گەڕان بەدوای ئەوەی کەچۆن کۆمەڵگای بۆرجوازی کەسایەتی زاڵ(dominantcharacter)بەرهەم دێنێت وکەئەویش لەدوایدا(پێکهاتەی کۆمەڵایەتی)بەرهەم دێنێتەوەو ملکەچی دەسەڵاتی کۆمەڵگا دەبێت، لەبنەما گشتیەکانی سایکۆلۆژیای کاراکتەرزانی ئەوەیە کەئاکاری(بڵندبوون وکاردانەوە)ی هەندێك کاراکتەر دروستدەبێت لەئەنجامی هەندێك پێداویستی

كەلەبنچینەدا(سێكسین).

پاشان فرۆم ئەوەمان بۆڕووندەكاتەوە كەچۆن هەندێك پێكهاتەی كۆمەڵایەتی پاداشتی هەندێك لەئاكاری تاكەكانی دەكات وهەندێك ئاكاری تریش لەناودەبات.

لەدیراسەكردنی لەسەر(لێكۆڵینەوەی(ویرنەر سۆمبارات sombart werner )لەسەر بۆرجوازیەت)،بیرەوەرییەكانی(بنیامین فرانكلین)فرۆم گفتۆگۆی ئەوەمان لەگەڵدەكات كەكۆمەڵگای بۆرجوازی تاكێك بەرهەمدێنێت كەسیماكانی بریتین لە(ئەرك،چروكی،دیسپلین،ئابوری)...لەهەمانكاتدا بەهاكانی خۆشەویستی وچێژی سێكسی وچاكخوازی ونەرمونیانی جێی بایەخ نین.

پاشان لەژێر كاریگەریەكانی سەرمایەداریدا لەسەردەمی مۆنۆپۆلدا،فرۆم بەدرێژی باسی كاراكتەری(كۆمەڵگای بۆرجوازی)یمان بۆدەكات.یەكێك لەهەوڵە سەرنجڕاكێشەكانی فرۆم لەسالآنی سیەكاندا دیراسەكردنی تیۆری(دایكسالاری)(جۆهان جاكوب باخۆفن)بوو بەناوی(تیۆری مافەكانی دایك وپەیوەندی بەسایكۆلۆژیای كۆمەڵایەتیەوە).لەو لێكۆڵینەوەیەدا فرۆم ڕوونیدەكاتەوە كەچۆن تیۆرەكەی(باخوفن)گونجاوە بۆهەریەك لەبڕیارە سۆسیالیستەكان وەك(ئەنگلزوبێڵ) وبڕیارە محافزكارەكان.

لەم بارەیەوە فرۆم پێی وایە بەشداری لە بواری كۆمەڵایەتیشدا دەبێتە هۆی گەشەكردنی سرووشتی ئافرەت بە تایبەتی لە پرۆسەی (دایكایەتی) دا زیاتر لەمەش فرۆم پێی وایە كەتیۆری(دایكسالاری)(باخوفن)نزیكەی لە(بیری سۆسیالیزم).بۆنمونە لەتیۆری دایكسالاریدا خۆشگوزەرانی مادی سەرچاوەی بەختەوەریە.

هەروەها بەبۆچونی(باخوفن)كۆمەڵگای(دایك سالاری)كۆمەڵگایەكی سادەی دیموكراتی بووە.كەسێكس تیایدا ئازادبووەو سۆزو خۆشەویستی دایك پرەنسیپی ئەخلاقی كۆمەڵگا بووە.ئازاردانی(ئافرەت)یش لەلایەن پیاوەوە بەتاوانێكی ترسناك لەقەڵەم دراوە.خاوەنداریێتی تایبەتیش بەهیچ شێوەیەك بوونی نەبووە.

بەبۆچوونی فرۆم كۆمەڵگای دایكسالاری،كەلەلایەن(باخوفن)،باسكراوە گرنگ نیە ڕاست بێت یان نەو،بەڵكو ئەوەی گرنگە ئەوەیە كەنەریت وبەهاوپێك هاتەكانی كۆمەڵگای دایكسالاری پێچەوانەی پێك هاتەو دامەزراوەكانی كۆمەڵگای (سەرمایەداری باوكسالاری)ن.

بەمەش فرۆم ناوبانگێكی زۆری لای ئەو سۆسیالستانە پەیداكرد كەئارەزوویان گۆڕانی (نەك ڕیفۆرم)ی كۆمەڵایەتیو سایكۆلۆژیایكۆمەڵگابوو.

لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەیدا لەسەر تیۆری دایكسالاری (باخوفن) فرۆم دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی كە (دایكسالاری)و (ماركسیزم),(ماركسیزم وفیمێنزم) دوو تیۆری بەیەكەوە گونجاون .

بەبۆچونی ماركس ئەگەر توانای ئابوری بەشێوەیەكی عەقلانی ڕێكخرێت،بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەر چاوبگرێت كەتوانای هەركەسێك لەبەرهەم هێناندا چەندە.

بەهەمان شێوەش ئەم ئایدیایانە لە(كۆمۆنەی سەرەتایدا)بونیان هەبووە: دایك ئەوەی وەچەكەی پێویستی بێت دەیداتێ بەبێ ڕەچاوكردنی ئەوەی ئاخۆ شایەنیەتی یان نا.

*مامۆستای زمانی ئینگلیزی لەزانكۆی سەلاحەدین

**سەرچاوە:-**

fromm,erich(١٩٠٠-١٩٨٠)by douglas keller.